بۆ: بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق

بابەت: سەرەخۆشی

بە داخێکی گرانەوە هەواڵی دڵتەزێنی تەقینەوەی لقی ٢ی پارتی لە هەولێرمان پێگەیشت کە تێیدا کاک سامی عەبدولڕەحمان و ژمارەیەك لە سەرکردایەتی و کادرو ئەندامانی ئێوەو هەروەها خەڵکی بێدیفاع گیانیان لە دەست دا.

من لە لایەن خۆم و کومیتەی ناوەندی و هەموو ئەندامانی کۆمەڵەوە وێرای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستی و دژی ئینسانییە، سەرەخۆشی قووڵی خۆمان بە جەنابت و کومیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی عێراق و هەروەها بە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو جینایەتەو بە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی پارتی‌تان و بە هەموو گەلی کوردستانی عێراق رادەگەیەنم. گەلی کورد لە ئێران و هەموو ویژدانێکی ئازادیخواز نەفرەت لەو کردەوە تاوانکارانەیە دەکا و خۆی بە شەریکی خەمتان دەزانێ.

دڵنیام کە بڕیاردەرانی ئەم چەشنە تاوانەش ئیرادەی خەڵکی کوردستانیان بۆ ئازادی و ئاشتی پێ کز ناکرێ. بێجگە لە بێزاری زیاتری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و رای گشتیی جیهان و سزای قورستر بۆ خۆیان هیچی‌دیکەیان بە نسیب نابێ.

براتان عەبدوڵڵای موهتەدی
سکرتێری گشتیی کۆمەڵە
٢٠٠٤/٢/٢

---

www.komala.org

Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Komala Office in Sulaimania:
Tel: (٠٠٤٤٧٠٤)٣١٢٤٧١١
Mobile: ٠٠٤٤٧٠٧٧٥٣٧٤٦٥